







## کۆمپیوتەرە بچووەکان و توانا مەزنەکان


سەردەمی بچووکبوونەوە لە جیهانەوە بگرە هەتا ئامرازەکان، سەردەمی ئەوە نەما ئامرازی گەورە و زەبەلاح ئەرکەکان راپەڕێنن، ئێستا شاشە مەزن و قورسەکانی تیڤی و کۆمپیوتەر نەماون، کەیسە گەورە و کێش قورسەکانی کۆمپیوتەریش نەماون.. چەند ساڵێکە هەوڵدراوە کۆمپیوتەری بچووک، بەڵام بە هەمان توانا و کارایی کۆمپیوتەرە مەزنەکان بەرهەم بێن.. کۆمپانیای ASUS یەکێکە لەم کۆمپانیانە کە لەم بوارەدا هەوڵیداوە.. نوێترین کۆمپیوتەری کۆمپانیای ناوبراو دوو جۆری ASUSPRO E520 و ASUSPRO E420 ن. کۆمپیوتەرەکان بە قەوارە بچووک، بەڵام پرۆسیسەری نەوەی حەوتەمی ئینتەلیان لەسەرە. هەردوو کۆمپیوتەرەکە شوێنی دوو بەشی داکردنی داتا و ئەرشیف کردنی هەیە، هاردێکی ١ ترابایتی و درایڤێکی SSD ٥١٢ گیگابایتی.. خێراییان ٢٤٠٠ میگاهێرتزە. پشتیوانی لە سیستەمی K4 دەکەن. بەهۆی بچووکی وکاراییان رەنگە تایبەت بکرێن بە بەشی فێرکاری، تۆڕ و رایەڵەکان، سوپەرمارکێت و نەخۆشخانە.

## داخستنی کۆمپیوت

کۆدی نهێنی دانان لەسەر کۆمپیوتەر بۆ ئەوەی کەسانی دیکە دزە نەکەنە ناو کۆمپیوتەرەکەت گرنگی خۆی هەیە، دانانی دەستەواژەی دژوار کە پێکهاتبێ لە پیت و کاراکتەر و ژمارە باشترین کۆدی نهێنی واتە پاسۆردە.. بەڵام خێراترین شێوازی داخستنی کۆمپیوتەر شێوازی فلاش میمۆرییە..

ئەویش بۆ گشت کاتێك نابێت بەڵام ئەو کاتانەی کە بۆ ماوەیەکی کورت لەسەر کۆمپیوتەرەکەت لادەچی و گومانت هەیە دوای تۆ کەسانی دیکە دەستکاری کۆمپیوتەرەکەت بکەن گرنگی خۆی هەیە..

بۆ داخستنی کۆمپیوتەر بە فلاش میمۆری تەنیا







## رۆبۆتەکان دەبنە پاسەوان و چاودێر

کامێرا چاودێرییەکان لە زۆربەی شوێنەکان هەن و بەردەوام تۆمار دەکەن، بەڵام کامێرای چاودێری تەنیا تۆمار دەکات و هیچی تر و کاری ئاگادارکردنەوە نییە... ئێستا بەمەبەستی چاودێری و پاسەوانی رۆبۆتی تایبەت بەم کارە بەرهەم هاتوون.. کۆمپانیای Knightscope چالاکییەکانی لە بواری بەرهەمهێنانی رۆبۆتی چاودێردا چڕکردۆتەوە.. یەکێك لە رۆبۆتە نوێیەکانی کۆمپانیای رۆبۆتی k7ە، مەتر و نیوێك دەبێت و دەتوانێت وەدوای مەبەستە جێگای گومانەکاندا بگەڕێ.. رۆبۆتی k1ی کۆمپانیا لە شوێنی خۆی ناجوڵێتەوە، بەڵام لە دوورەوە ئەگەر چەك و تەقەمەنی شاردرابێتەوە دەیناسێ و هەروەها هەر پارچەیەکی کانزایی جێ گومان دەناسێت.. هەرچەندە ئەم رۆبۆتانە توانای گرتنی کەسە گومانلێکراوەکانیان نییە، بەڵام لە داهاتوودا کۆمپانیای بەرهەمهێن بڕیاری داوە رۆبۆتی لەمجۆرەش بەرهەم بێنێ..




## بڵندگۆیەکی سمارت لە ئامازۆنەوە

لـەدوای بەرهەمهێنانـی سـپیکەری هۆشـمەندی جـۆری «ئیکـۆ و ئیکۆپـلاس» لەلایـەن ئامازۆنەوە، کۆمپانیا هـەر لەم بوارەدا هەوڵێکی دیکەی داوە و سپیکەری جۆری «ئیکۆ سپات»ی بەرهەمهێناوە.. بڵندگۆی ناوبراو بچوکترە لەوانی دیکە بەڵام ستایلکەی سەرنج راکێشە.. جێگای ئاماژەپێدانە سپیکەری سمارت ئەو ئەرکە ئەنجام دەدەن کە بە ئینتەرنێت دەبەسترێنەوە و بەدەنـگ هەرچـی داوای لێبکـەی وەڵامـت دەداتـەوە، بـۆ نموونـە بپرسـی کـەش و هـەوا چۆنـە؟ یـان داوای لێبکـەی کورتەیەك لە هەواڵەکانـی رۆژ بخوێنێتەوە.. یان هەر پرسـیارێکی دیکەی لێبکەی.. یا داواکاری گۆرانییەك بکە دەسـتبەجێ لە ئینتەرنێت دەیدۆزێتەوە و بڵاوی دەکاتەوە..

سـپیکەری جـۆری «ئیکـۆ سـپات» وەك نیوتۆپێك دەچێت، شاشـەیەکی ٥,٢ ئینجی هەیە شاشەکە دەکرێت وەك کاتژمێرێکی سەرنج راکێش دیجیتالی یان کلاسیك سوودی لێوەربگری جگە لەوەی کە ئاگادارکردنەوەکان لەسەر شاشـەکە نیشـان دەدات. جگە لەوە لەسـەر شاشەکە هێماکانی مۆسیقا و پەیوەندییە ڤیدیۆییەکان نیشان دەدات.



## ـــەر بە فلاش میمۆری

پێویسـتت بـە پرۆگرامێکـە بەنـاوی «predator» پرۆگرامەکـە ئەرکەکـەی ئەوەیـە کـە بە دانـان و دەرهێنانی فـلاش میمۆری، کۆمپیوتەر بکرێتەوە و دابخسـترێ.. هەتا فلاشەکە دانەندرێ ناکرێتەوە و ئەگەر بەبێ فلاش بیکەیەوە داوای پاسـۆرد دەکات ئەگەر بە هەڵە لێبدەی دەست دەکات بـە لێدانی جەرەسـی ئاگادارکردنەوە.. بەهـۆی پرۆگرامەکە دەتوانیـت لەسـەر چەندیـن کۆمپیوتـەر تەنیا بـە یەك فلاش میمـۆری چەند کۆدێـك دابنێی واتە بۆ چەندین کۆمپیوتەر چەند کۆدێك بەکار بێنی.. ئەگەر فلاشەکە ونیش بێت کێشە نییە چونکە پاسۆردێك بۆ ئەو مەبەستە داندراوە..





# کاتژمێرێکی سمارت بە وزەی خۆر کار دەکات

یەکێک لە گرفتە سەرەکییەکانی ئامێرە دیجیتالییەکان شەحنکردن واتە بارگاوی کردنی باترییە.. وزەی خۆر بۆ شەحنکردنەوە لە زۆر ئامێر سوودی لێوەردەگیرێ هەرچەندە نەبۆتە جێگرەوەیەکی گشتگیر..

ئێستا کە سەردەمی کاتژمێرە هۆشمەندەکانە لەم دواییەدا کاتژمێرێکی هۆشمەند بەناوی lunar بەرهەم هاتووە کە بە وزەی خۆر کار دەکات.. هەرچەندە پێشووتریش وزەی خۆر بۆ کاتژمێر سوودی لێوەرگیراوە، بەڵام بۆ کاتژمێرە ئاساییەکان.. کاتژمێری ناوبراو یەکەم کاتژمێری هۆشمەندە لە وزەی خۆر سوود وەردەگرێ.. ئەگەر تەنیا یەک کاتژمێر لەبەر تیشکی خۆر بێت یەک ڕۆژی تەواو کاتژمێرەکە کار دەکات. هەرچەندە شوێنی شەحنکردنەوەی بەکارەباش هەیە.. کاتژمێرە سمارتەکە وەک زۆربەی کاتژمێرەکانی دیکە.. چالاکی جەستەیی ڕۆژانە وەک پێوانی هەنگاوەکان و مەودای ڕۆیشتن، چاودێری خەو.. ئاگادارکردنەوەی پەیام و پەیوەندییەکان... ئەو تایبەتمەندییانەی لە کاتژمێرێکی سمارتدا هەیە لەویشدا هەیە.. چوارچێوەکەی لە پۆڵای دژە ژەنگ دروست کراوە بە کریستال داپۆشراوە..


## پرۆگرامێک بۆ چاودێریکردنی تۆڕە دیجیتالییەکان

تۆڕی دیجیتالی بەو رایەڵانە دەڵێن کە بەکارهێنەر ڕێژەیەکی بەرچاو کۆمپیوتەر پێکەوە دەبەستێتەوە و یەکێک لەکۆمپیوتەرەکان وەک سێرڤێر واتە کۆمپیوتەری سەرەکی و چاودێری کۆمپیوتەرەکانی ناو تۆڕ دەکات..

تۆڕە دیجیتالیەکان گرنگی زۆریان هەیە بەتایبەتی لە کۆنفرانس و خولی فێرکاری و وانەوتنەوە لە زانکۆ و قوتابخانەکان... پرۆگرامگەلێکی زۆر هەن کە بەهۆیەوە دەکرێت تۆڕێکی کۆمەڵایەتی ڕێک بخەی و بیخەیە ژێرچاودێری..

یەکێک لەم تۆڕانە تۆڕی NetSupport Manager کە لەمێژ ساڵە لە پۆلەکانی وانەوتنەوە، تۆڕە بچوک و گەورەکانی کۆمپیوتەر، زۆربەی کۆفی نێتەکان و بەگشتی ئەو شوێنانەی سیستەمی تۆڕی لێبێت سوودی لێوەردەگیرێ..

پرۆگرامەکە تواناکانی گەلێك بەرچاون، وەك ڕێکخستنی تۆڕەکان بە شێوازی جۆراوجۆر، سنووردارکردنی بەشدارانی ناو تۆڕ، خولی فێرکاری لەتۆڕێکدا، هاوبەشکردنی ئینتەرنێت و سنووردارکردنی سایتەکان و زۆر توانای دیکە.. زیاتر لە ٢٠ هەزار تۆڕی کۆمپیوتەر لە جیهاندا لەو پرۆگرامە سوود وەردەگرن زۆربەیان ژمارەی بەشداریان لە سەد کۆمپیوتەر تێدەپەڕێ.. بەکارهێنانی پرۆگرامەکە زۆر ئاسانە و تەنانەت ئەوانەی زۆریش شارەزای ئەو بەشە نین بە ئاسانی دەتوانن سودی لێوەربگرن..



## هەر جارە و وەڵامی پرسیارێک



**خوێنەرێکی بەڕێز دەپرسێت زۆرجار باسی هاردی مەجازی دەکرێ، هاردی مەجازی چییە و بۆچی دەگونجێت؟**

خوێنەری بەڕێز هاردی حەقیقی وەك خۆت دەزانی ئەوەی لەسەر کۆمپیوتەرەکەت وەك بەشەکانی C.D.E ئەوانە هاردی راستین ئەگەر فلاش یان هاردێکی دەرەکیش دابنێی هێمایەکی دیکە نیشان دەدات.. بەڵام هاردی مەجازی واتە VHD لە مەجازیدا شوێنگرەوەی CD یان DVDیە بۆ ئەوە دەبێت کاتێك یارییەکی ئەلکترۆنی یان پرۆگرامێکی تایبەت دەکەیەوە لەسەر DVD هەتا ئەوکاتەی DVD یا CDەکە لەسەر کۆمپیوتەر بێت یارییەکە یان پرۆگرامەکە کار دەکات بەڵام ئەگەر لاتبرد ئەوە دەوەستێ بۆ ئەوەی ئەم کێشەیە چارەسەر بێت، هاردی مەجازی دروست دەکرێت و پرۆگرامەکە لەودا خەزن دەکرێت.. پرۆگرامی تایبەت هەیە بۆ دروستکردنی هاردی مەجازی...





# تیڤیەک بۆ بیرهێنەرەوەی یادگارییەکان

هەندێك ئامراز هەن راستە قۆناغ و سەردەمیان بەسەرچووە، بەڵام بەشێکی زۆری ئینسانەکان حەز دەکەن یادگارییەکانی رابردوویان لەبیرنەچێتەوە، ئەگەر ئەو ئامرازانە سوودیشیان نەبێ لەناخ و دەروونیاندا وەك شتێکی نوستالۆژی دەمێنێتەوە..

گەر بۆ نیوسەدە بگەڕێینەوە دواوە ئەو تەلەڤزیۆنانەی ئەمڕۆ دەیبینین لە خەیاڵیشدا نەدەگونجا، تەلەڤزیۆنی قەبارە گەور و کێش گران هەبوون، ئەوانە بوون بە ئەرشیف بەڵام لە زینی ئینسانەکاندا نەسراونەتەوە.. بۆیە هەوڵدراوە بە شێوەیەکی دیکە ئەمانە زیندوو بکرێنەوە بۆ نموونە تەلەڤزیۆنی (**retro**) کە بە کەڵك وەرگرتن لە مۆبایل فیلم و وێنەکانی سەر مۆبایل لەسەر شاشەی تەلەڤزیۆنە بچووکەکە بەگەورەیی نیشان دەدرێن. مۆبایلەکە وەك ڤیدیۆ کاسێت دەخرێتە پشت تەلەڤزیۆنەکە و لەشاشەکەوە دەتوانی سەیری بکەی. شاشەکە ٨ ئینجە.. ڤیدیۆکان دوو بەرابەر لە شاشەی مۆبایل گەورەتر نیشان دەدات. ستایلەکەشی وەك تەلەڤزیۆنێکی کلاسیکی کۆن دەچێت نوستالۆژییەك بۆ بەساڵداچووەکان دەخولقێنێ..



## سایتێک بۆ گۆڕینی دەنگ بۆ دەق

پێدەچێ تەکنەلۆژیا ئەرکی تایپیست واتە پیتچنەکان کۆتایی پێبێنێ، چونکە پرۆگرام و ئەپلکەیشنی تایبەت بۆ گۆڕینی دەنگ بەدەق پەرەیان سەندووە و بەکارهێنەر تەنیا ئەوەندە بەسە کە بە دەنگی خۆی دەقێك بخوێنێتەوە تاکو کۆمپیوتەر جارێکی دیکە بینووسێتەوە، سایتی تایبەت بە گۆڕینی دەنگ بۆ دەقیش هەن یەکێك لەم ماڵپەڕانە ماڵپەڕی www.speechtex-ter.com کە ماڵپەڕەکەت کردەوە فەرمانی start dictating دابگرە و زمانی مەبەستت لە گۆشەی لای چەپ دایە هەڵبژێرە.. بەڵام بەداخەوە زمانی کوردی تێدا نییە زمانەکانی وەك عەرەبی و فارسی و ئینگلیزی و زۆربەی زۆری زمانەکانی جیهانی تێدایە... کە تەواویش بووی دوگمەی stop دابگرە..